بەڕێوبەرایەتی خەسری ڕژێماوای کوردستان ئاماژە بە نوێی سووریا بەرز دەکاتەوە

بەڕێوبەرایەتی خەسری ڕژێماوای کوردستان ئەمڕۆ پێنجشەممە هەڵکردنی ئاڵای نوێی سووریای لەسەر سەرجەم دامەزراوەکانی لە ڕوانگەی "سووریا بە هەموو سووریەکان" ڕاگەیاند.

بەڕێوبەرایەتیی خەسر لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند، بەبێنی کتاییەتنی سەردەمی چەوساندنەوە و زاڵبوونی ڕژێمی سووریا بەسەر خەڵکدا بە ماوەی زیاتر لە نیو سەدە، کە لەو ماوەیەدا خەڵکی سووریا بەدەست نادادپەروەری و پەراوێزخستنەوە دەیاناڵاند، خەڵکی سووریا مافی ئەوەیان هەیە ئاهەنگ بگێڕن بە سەرکەوتنی ئیرادەی خەیان بە ڕووخاندنی ئەم ڕژێمە نادادپەروەرانەیە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە، "لەبەر ڕۆشنایی ئەم وەرچەرخانانە مێژوویە، ئاڵای سەربەخێیی بە سەرەنگی سەوز و سپی و ڕەش و سێ ئەستێرەی سوور دەت وێک هەمای قەناغی نوێ، کە گوزارشت لە ئاواتەکانی گەلی سوریا دەکات بە ئازادی و یەکێتی نیشتمانی".

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە: "لەسەر بنەمای ئەوەی کە ناوچەکانی ئیدارەی سەربەخێی دیموکراتی لە باکوور و ڕۆژهەڵاتی سووریا بەشێکی دانەبڕاوە لە جوگرافیای سووریا و لەبەر ئەوەی دانیشتوانی ئەو ناوچانە پێکهاتەی ڕەسەنی سوریانن، ئێنجومەنی دیموکراتی گەلان بەیاریدا ئاڵای سووریا لەسەر سەرجەم ئێنجومەنەکان و دامەزراوەکان و فەرمانگە و دەزگاکانی ئیدارەی خەسر لە سەرجەم پارێزگاکانی خێی

ناوچۆکەدا بەرز بکاتەوە".